# هەڵەبجە بەڵگەی مەزن، بەڵام...؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

لەپاش تەواوبوونی جەنگەکان و کارەساتەکان مێژویەك هەبوە بۆ سەیرکردن وشوێنێکیش هەبوە تا مێژوەکەی لیٚ بخوێندرێتەوەوپاشماوەکانی ئەو جەنگ وکارەساتانە وەك توراس و کەلەپور لەشێوەی مۆزەخانەیەکدا ببنە بەڵگەی مەزن وبمێنن، بەڵگەگەلێك زۆرگرنگە کە دروستکراو نەبیٚ و بیکەیتە پشتیوان بۆ شوناسی گەلێکی بیٚ گوتارو بیٚ دەوڵەتی وەکو کورد، نەتەوە هەیە دەوڵەتی هەیە لیٗ تاوەکو ئێستا خاوەنی بەڵگەی مەزن و کارەساتی دیرۆکی نییە تاوەکو هێزو قودسیەتی مانەوەی هەبێت، بۆیە هەمیشە ئەو دەوڵەتانە لە سیاقاتە نێودەوڵەتی ونیتۆرکە ئابوریەکاندا لەرزۆك و لاوازن و بەرگەی هیچ رەخنەو نارەزایەتیەکی جەماوەری ناگرن، بۆیە دەوڵەتێك بە هێزو سومبولی کارەساتەکانی دروست بووبێت و لەناو زوڵمەتەکانەوە شەرعیەتی وەدەست خستبیٚ دەوڵەتێکە خاوەن سەنگ و هەیبەت، بۆیە هەمیشە ئەو دەوڵەتە بەهەیبەت و بەهێزانە شەرعیەت و قودسیەتی مانەوەیان ئەبەستنەوە بە بەڵگەو دیکۆمێنتەکانیان کە چۆن دوچاری کارەسات و جەنگ و زوڵم و ستەمکاری بوونەتەوە لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، وەك ئەمریکاوئیسرائیل و ئەڵمان و یابان کە بەردەوام بە رۆحیەتی جەنگە رابردووەکان ئەژین و هەمیشە نهێنی مانەوەیان و هێزی وەستانیان ئەبەستنەوە بە قوربانیەکانیانەوە و لەبیری ناکەن، بەڵام ئەی ئەگەر نەتەوەیەك دەوڵەتی نەبیٚ ئەبیٚ چۆن بڕوانیٚ لە بەڵگەی کارەساتەکانی؟ کورد بەنمونە کە گەورەترین نەتەوەی بیٚ دەوڵەتی سەرزەمینە بۆ ئەوەندە زاکیرەی خاڵیی و ئەوەندە رۆحی ساردو ئەوەندەش شپرزەیە لەئاست یادەوەریەکانی خۆیدا؟ باشە ئەوەچییە کورد خەونی نییە بۆ ئەوەی ئۆرگانیزەی کارەساتەکانی خۆی بکات و بیانکاتە سەرمایەی رەمزیانە؟ دەوڵەت هەرگیز بە داهات و دەستکەوت و کۆکردنەوەی پارە چیٚ نابیٚ بەڵکو دەوڵەت کە مەبەستیشم کیان و ئاڵایە لە دڵۆپە خوێنێکەوە دروست ئەبێت بەمەرجێك دەسەڵات قەدری ئەو دڵۆپە خوێنە بزانیٚ و زایەی نەکات و رۆحی شەهیدی لیٚ نەبێتە دروشمی بەتاڵ؟! بەڵام کورد تا ئێستا نەك ئەم خەونەی نییە بەڵکو خەریکە خۆ بەخۆ ئەو بەڵگە مێژوویی و دیرۆکی و سومبولیانەش کە هەن وون و تەفرو تونا دەبن وەك هەڵەبجە؟ لێرەوە دەسەڵات نابیٚ وا هەست بکات کە پشویەکی رەسمی و نارەسمی بۆ یادو کارەساتیٚ کە بە میزاجی مودیر عامیٚ ساڵانە ئەگۆڕیٚ و دیاریکراو نییە یان دروستکردنی خانویەك و ئاوەدانی شاریٚ سومبولێکی شەهیدان نەمر ئەکات؟ نەخێر بەڵکو نەمرکردن خەون و هونەرو لێبران و دەزگای تایبەت و پسپۆری خۆی دەوێت کە بەداخەوە تا ئێستا کورد نییەتی.

مۆزەخانانەکانی ئەوروپا کاتێك مێژوی کارەسات و جەنگێکی گەورەت بۆ ئەگێڕێتەوە نایە هاوارو گریان وسەمفۆنیا بدات بە بینەرەکانی بەڵکو دێت مێژوی ئەو رۆژنامەنوسە کوژراوەت بۆ ئەخاتە بەردەست کەچۆن و بە چ شێوەیەك و لە کویٚ و چ کات کوژراوە، بە هەڵگرتن وپیشاندانی کامێرە فۆتۆگرافەکەی کە گوللەیەك چوەتەناو عەدەسەکەی و لەوێشەوە سەری پێکاوە و ئەم کامێرەیە هەڵگیراوە لە گالێریەکدا بۆخۆی مێژووی خۆی و کات و جەنگ و تراژیدیاکان ئەگێڕێتەوە، جۆرج بۆش بۆ یەك سەدەی تریش کاتیٚ مێژوی شەرەکانی ئەفغانستان و عێراق باس بکات دەتوانێت دووشت پیشان بدات ئەویش شمشێرەکەی مەلامحمد عومەری رێبەری تالیبان و دەمانچەکەی سەدام کە پارێزراوەلای و هەڵیگرتووە نەك ووتارو دروشم و وامان کردو وا ئەکەین و لەوێوە هاتین و دوژمن لەویٚ بوو بەو شێوەیە تەپڵی سەرکەوتنمان لێدا !؟

هەموومان دەزانین هەڵەبجە چ شارێکی کارەساتبارەو رەنگە دەیان جارو لە دەیان وێسگەشدا بۆی گریابین، بەڵام چ کەڵکی هەیەو ئێستا چ خەراباتێك و چ تورەییەك لە گەرووی هەڵەبجەدا ئامادەیە، کاتیٚ هەڵەبجە ئەبینین بەو کەلاوە رووخاوانەوە ئیدی گریان لە هەموو مەنتیقێك خاڵی ئەبێتەوەو حەقە ئیدی هیچ بەرپرسێکیش بە ووتارو گریان و جوڵاندنی سۆزی هەڵەبجەییەکان تەفرەمان نەدەن و سەردانی مەزارگە نەکەن و هەڵەبجە خۆی بەڵگە مەزنەکەی کوردەو هەڵگری حیکایەتی خۆیەتی و کاراکتەری سیاسی ناوێت تا بۆی بدویٚ، بەڵکو سیاسیەکان لەسەریانە بەڵێنەکانیان بەجیٚ بهێنن، بەڵێنگەلێك ئێستا لە هەڵەبجە جگە لە وەهم هیچیتر نییە، چونکە ئیدی هەڵەبجە دەبێت لە قۆزاخەیەکی زامدارەوە بیگوازینەوە بۆ شوناسێکی میللی مەدەنی و دیکۆمێنتارو بەڵگەیی و لە حاڵەتێکی وێرانەونائاساییەوە بیگوازینەوە بۆحاڵەتە رەسەن و ئاساییەکەی خۆی، تا هەم لە یادمان نەچن هەم لە نێو تاق و دودەر و کتێبخانەو گالێریەکی مۆدێرندا بمێننەوەو بێتە شایەتحاڵی ڕوداوەکان و هەمانکات ئەو کەلەپورو کولتورەش لە نوسین و کەرەستەوئاسەواری بەجێماوو پشتوێن ومشکی و پارچە تفەنگ و رەسم و دەستنوسە رابردوەکانی ئەم شارە کۆبکرێنەوە و ئەم جارەیان شانزەیەکی سێی مەعریفی و کولتوری و مەدەنی مرۆڤدۆستانە پیشانی دەرەوە بدەین ئایا ئەمە کاری کێیە؟ شەهیدانی ناو قەبر یان کەس وکاری شەهیدان یان حیزب و کاراکتەرە سیاسیەکان؟ کامیان؟ ئێمە بەداخەوە تا ئێستاش  خاوەنی میللەت و نەتەوەی زیندو نین بۆیە نەبوینەتە دەوڵەت، ئەگینا هەڵەبجە وەها نەئەبوو، بەراستی شەرمە بۆ دەسەڵاتیٚ ئاوا بڕوانیٚ لە سەروەری و کارەسات و قوربانیەکانی، میللەتی زیندوو ئەگەڕێت بەشوێن سەرزەمینێك کە کەلەپورەکانی خۆی لێوە نمایش بکات و بمێنێتەوە، ئەگەڕیٚ بەشوێن پارچە جێماوەکانی شەهیدان و دەستە براوەکان و چەکە کوشندەکان و سەعاتی

سفری فرۆكەو سەعاتی سفری كۆكەكۆكی كیمیایی و سەعاتی سفری فرمێسك و خوێن لێچۆڕان و وێنەكانی دەرچوونی ڕۆحی پێنج هەزار شەهید، كەشاریٚ شەهید ئەبێت میللەت و دەسەلاٚتی زیندو ئەگەڕیٚ بەشوێن مێژووی پێش كارەساتیشدا تاوەكو بەڵگەكە گەورەتر بكات، بۆ نمونە ئەگەڕیٚ بەشوێن  پارچەی ئەو بڕنەوەی كە تاهیر بەگی جاف لە یەكێك لە شیعرەكانیدا كە لەكاتی ڕاوكردندا تفەنگەكەی شكاوە كە ئەڵێت (فەلەك زانی كە ئەشكیٚ ڕەونەقی بازاری مانگ وخۆر شكانی پەنجەكەم تامن نەنوسم وەسفی ڕوخساریی) وەگەڕان بەشوێن قسەو كرداروجێماوەكانی مێجەرسۆن كەوەك جاسوسێك هاتۆتە هەڵەبجەودواتر لە سلێمانی بۆتە حاكمی سیاسی ئینگلیزو دەیان شەوی بە یاریەكۆنەكان لەگەڵ هۆزی جاف بەسەربردوە لەماڵی وەسمان پاشاوعادیلە خانمی قایمقامی ئەو كاتی هەڵەبجە،

دەبێت بەشێوەیەكی لێبڕاوانە بە ئەرك و بەرپرسیارێتیەك هەستین، ئەو كەسەی كە بیانی و غەریبەیە و ڕوو ئەكاتە ئەم شارە بۆنی تەساموح وگیانی قبوڵكردن و خانەخوێی ئەم شارە بكات و هەڵوەستە لە گەورەیی دانیشتوانەكەی بكات كە چۆن پاش كارەساتی كیمیای باران وەكو موعجیزە و وەك قارچكی پاش هەورە بروسكەی شوم هەستانەوەو سرودی نەبەزینیان لەسەر كەلاوەكان و قەوانە گوللەو هەویرە جێماوی تیئێن تی و شەقامە ساردوسرەكان ئەوتەوە، ئاخر پاش وەرزی ژەهر كیٚ ئەیوێرا بچێتەوە خاكی دایك جگە لەو هەڵەبجەییە وورە بەرزانە نەبێت كە ژیانیان گێڕایەوە بۆ شار؟ كیٚ ئەیوێرا ئاوی كانیاوەكانی شەهیدان و كانیە قوڵكەو كانی عاشقان و بامۆك و عەبابەیلیٚ ودەڵەمەر بخواتەوە لەترسی كاریگەربوون بە ژەهری كیمیایی جگە لە جەرگ سوتاوان و دایكانی رەشپۆشی بناری شنرویٚم نەبیٚ؟ ئایا هەڵەبجەیەك خاوەنی ئەو هەموو هەستە پاك و خێزانە جوامێرانە بێت حەقە دەسەلاٚت و حیزبی دەسەلاٚتدار ئاوا بەو شێوەیە پشگوێی بخات و مافە سەرەتاییەكانیان دەستە بەر نەكات؟ ئەوەی باوەر بەكەلاوەكانی هەڵەبجە ناكات خۆڵ لە چاوی خۆی و خەڵكیش ئەكات، ئەوەی هەڵەبجە پەراوێز ئەخات ئەوە سومبولی نەتەوەیەك پشگویٚ ئەخات و ئەلف و بیٚ ی زیندوبوونی نەتەوە نازانیٚ لەچیدایە، هەڵەبجە نەك ئەبێت خانووی روخاوی تیا نەمێنێت بەڵكو دەبێت هەموو ماڵێك بێتە یادگارو هۆڵ و گالێریەك تا فێستیفاڵ و كەرنەڤاڵ و ڕێورەسمی چالاكیە مەعریفی و كولتوریەكانی تیادا بەڕێوە بچێت و ئیتر شانزەی سیٚ شانزەی گریان و دروشمی عاتیفی وسیاسی نەبێت بەڵكو شانزەی كتێبە نوێكان و كۆڕە شیعریەكان و قەسیدەوچیرۆك و ئەفراندنەكان بیٚ، نەك هەڵەبجەی بیٚ ئومێدبوونی گەنجەكان و مانگرتن و راكشان لە شەقامی دەروازەی شاردا لە 3/16 تا سەیارەكانی بەرپرسان بچیٚ بەسەر جەستەی هیلاكیاندا...